# ئاریز عەبداالله  لە سەنتەری گەنجانی رانیە
# باس لە سیکۆلاریزم و پرۆژەی دەستووری هەریم دەکات

لە هێڤارەوە

لە درێژەی ئەو کۆر و سیمینارە رۆشنبیریانەی کە سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە لە هەموو رۆژانێکی پێنج شەممەدا ئەنجامی دەدات بەشی رۆشنبیری سەنتەر رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٥/٢٤ کاتژمێر ٥ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر  هەڵسا بە سازدانی کۆرێکی رۆشنبیری بۆ بەرێز ( ئاریز عەبداللە ) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان  لەسەر ( پرۆژەی دەستوری هەرێم و سیکۆلاریزم) کۆرەکە لە لایەن ( عومەر حسێن ) بەرێوە براو  رێژەیەکی زۆری گەنجان و نوێنەری رێکخراو و پارتەکانی ناوچەکە  تێیدا ئامادەبوون . ئەوەی لەو کۆرەدا جێگای سەرنج بوو  وێرای گرنگی و دەوڵەمەندی باسەکە ، لە دەست نیشانکردن و  پێشکەش کردندا ،  بەشداریی و گفتوگۆی زۆری گەنجان بوو لەسەر  پەرلەمان و پرۆژەی دەستووری هەرێم و مەسەلەی عەلمانیەت  ، بەمەش سیمای دیالۆگێکی کراوە لەسەر بابەتەکە ئەنجام درا کە جێگای رەزامەندی ئامادەبوان بوو  .




